


**لەسلێمانی دووهەم ساڵیادی تیرۆرکردنی عەبدالستار تاهیر شەریف بەڕێوەچوو**
**ئەحمد میرە:"دەبێت کۆڵنەدەین لەکەشف کردنی بکوژانی شێخ ستارو سۆرانی مامە حمە** 2/3/2010 **"**

لڤین پرێس،سلێمانی:

بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لەرۆشنبیرانو هونەرمەندانو رۆژنامەنوس کەسو کارو بنەماڵەی دکتۆر عەبدالستار تاهیر شەریف، ئێوارەی رۆژی دووشەممە، لەهۆڵی رۆشنبیری شاری سلێمانی دووهەمین ساڵیادی تیرۆرکردنی ناوبراو بەرێوەچوو.

لەسەرەتای مەراسیمی یادکردنەوەکەدا ، وتاری پرۆفیسۆر عەزەدین مستەفا رەسول خوێندرایەوە کەتیایدا ناوبراو تیشکی خستە سەر ژیانی سیاسیو رۆشنبیری دکتۆر شێخ عەبدلستار تاهیر شەریف رونیکردەوە"تیرۆرکردنی ئەو کەسایەتییە ناودارو پر بەرهەمە زەرەرێکی زۆری لەرەوتی رۆشنبیری شاری کەرکوكو کوردستان گەیاند."

ناوبراو تیشکی خستە سەر بەرهەمەکانی ناوبراوو وتی"15 کتێبی چاپکراوی لەبوار جیاوازەکاندا بەچاپ گەیاندووەو چەند کتێبێکی تریشی ئێستا لەژێر چاپدایە."

رێکەوتی 2008/3/5 لەکاتێکدا کەسایتی رۆشنبیرو ناسراوی کورد شێخ ستار تاهیر شەریف مامۆستای زانکۆی کەرکوك بەرەو دەوامی رەسمی خۆی دەچوو لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە هێرشکرایە سەریو دەستبەجێ کوشتیانو بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵهاتن.

دوای وتارەکەی پرۆفیسۆر عەزەدین مستەفا رەسول چەند وتارێکی تر لەلایەن سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، ئەحمەد میرەو، سەرنوسەری رۆژنامەی هەواڵ، شوان داودیو، سەرۆکی لقی کەرکوکی یەکێتی رۆژنامەنوسانی کوردستان، لەتیف فاتیح فرج  پێشکەش کرا. کەسەرجەمیان ئەو دەستەی پشت تیرۆرکردنی عەبدالستار تاهیر شەریفیان بە"شەهیدی قەڵەمو دژی ئازادی رادەربرین" وەسف کرد.

سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، ئەحمەد میرەلەوتەیەکیداووتی "من دەمەوێت لەل یادەدا ئەوتان  پێبڵم کەدەبێت بەهەمووومان کارکەین بۆ کەشف کردنی  ئەودەستەڕشانەی کە شێخ ستارو سۆرانی جوانەمرگیان کوشت ،وەدبێت کۆڵنەدەین تابکوژانیان دەگەیەنیین بەدادگا"

پاشان لەلایەن نەسرەدین زەنگەنە هاورێی ناوبراو چەند بیرەوەرییەك پێشکەش کراو دواتریش وتاری بنەماڵی عەبدالستار تاهیر پیشکەش کرا.

بنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەییو رۆژنامەوانی کوردی لەبروسکەیەکی ماتەمینیدا بەو بۆنەیەوە رایگەیاند" ساڵیادی شەهیدبوونی د. عەبدالستار تاهیر شەریف کە ساڵانێکی درێژی تەمەنی خۆی لەپێناو دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردیدا بەسەر برد."

هەروەها لەبروسکەکەدا کە لەمەراسیمەکەشدا خوێندرایەوە تیایدا هاتووە"قەڵەمەکەی عەبدالستار تاهیر لەسەردەمێکی پر لەتەنگوچەڵەمەی سیاسیدا لەچەند بوارێکی گرنگدا خرابۆوە گەر  کەئێستا سەرمایەیەکی گرنگ بۆ لێکۆڵەرەوانو توێژەران دادەنێ ئەمەش ئامانجی نوسەرانە کە خوالێخۆشبوو توانی بیهێنێتە دی."

لەمەراسیمی یادکردنەوەکەدا چوار پەیڤی عەبدالستار تاهیر خرایە روو کەبەپێی قسەکانی بەرێوبەری مەراسیمەکە ناوبراو باوەری تەواوی پێی هەبووە"یەکەم: لەژیانمدا بەمەست لەکەس ناترسم، دووهەم :

هەمیشە بۆ پێشەوە دەڕۆمو ناگەڕێمەوە، سێهەم: تا ئێستا کۆڵم نەدابێت کۆڵ نادەم با بمکوژن، چوارەم: ئەوەی دەیگێرمەوە ئامادەم لەبەردەم دادگا هەمووی بسەلمێنم."

دکتۆر عەبدالستار تاهیر شەریف، ساڵی 1935 لەشاری کەرکوك لەدایکبووە ، لەساڵی 1958 پەیوەندی کردووە بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوەو لەساڵی 1966 بۆ ساڵی 1969 بەرپرسی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەو لەساڵی 1970 کراوە بە ئەندامی یەدەکی لیژنەی مەرکەزی ئەو حیزبە.

لەساڵی 1973 بۆ ساڵی 1975 بووە بەسکرتێری حزبی سەوری کوردستانیو لەساڵی 1985 وازی لەکاری حزبی هێناوەو پاشان لەساڵی 1995 ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسی بەجێهێشتووەو گەراوەتەوە بۆ کوردستان لەئیدارەی پارێزگای سلێمانی بەمامۆستای زانکۆ وەرگیراوە، پاشان لەساڵی 1997 کوردستانی جێهێشتووەو چۆتە نیوزلەنداو دوای رووخانی رژێمی حکومەتی بەعس گەراوەتەوە بۆ سلێمانیو راژەکە لەمامۆستایەتی زانکۆ گواستۆتەوە بۆ زانکۆی کەرکوك لەساڵی 2004 کراوە بەسەرۆکی کۆلیژی پەروەردەو زانستە دەروونییەکان.

ناوبراو لە 3/5/ 2008 لەلایەن چەند چەکدارێکی نەناسراوەوە لەشاری کەرکوك کوژرا.

http://www.lvinpress.com/K_Direje.aspx?Jimare=773&Besh=Hewal&Cor=1